# فرێزی ئاوەڵناوی لە زمانی کوردیدا

محەمەد حوسێن محەمەد[1] - تالیب حوسێن عەلی[2]

[1+2]بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (فرێزی ئاوەڵناوی لە زمانی کوردیدا) هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناوی لە زمانی کوردیدا، بەپێی تیۆری (X-Bar) و هەندێک لقە تیۆری تر، کە هاوشان و پەیکاڵن لەگەڵ ئەم تیۆرەدا، کە بەپێی ئەم لقە تیۆرانە ڕۆنانە سینتاکسییەکان بەهۆی یەکە فەرهەنگییەکان و ئەو زانیارییانەی لە فەرهەنگدا هەڵگیراون بنیاتدەنرێن، بە پشتبەستن بە زانیاری سینتاکسی و سیمانتیکی، بەڵام ئێمە بۆ پەسنکردن و شیکردنەوەی فرێزەکان زیاتر پشتمان بە زانیارییە سینتاکسییەکان بەستوە، بەپێی پێویستیش پەنامان بۆ زانیارییە سیمانتیکییەکان بردوە، توانا و ویستی ئاوەڵناومان وەک سەرەیەکی ڕێزمانی نیشانداوە و ڕۆنان و سەرەوریزبونی سەرە و تەواوکەرەکانمان خستۆتەڕو، بەشێوەیەکی گشتی هەوڵدراوە ئاوەڵناو وەکو یەکەیەکی فەرهەنگی پرۆژەسازدەر لە ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناویدا نیشانبدرێت، چونکە ئاوەڵناو توانای هەڵاوێرکردنی سینتاکسی و سیمانتیکی هەیە و وەک سەرەیەکی ڕێزمانی هەمو تایبەتمەندییەکانی سەرەی تێدایە و بەشێوەیەکی گشتی لە ڕۆنانی فرێزەکاندا (سەرە_کۆتا)یە. هەمو ئەمانەش لە توێژینەوەکەدا جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە دو تەوەردا خراونەتەڕو.

**کلیلە وشەکان:** X-Bar ، ئاوەڵناو، فرێزی ئاوەڵناوی، بەکارهێنانی ئاوەڵناو، پلەکانی ئاوەڵناو.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23
**Received:** 08-Jun-2022
**Accepted:** 17-Aug-2022
**Published:** 29-June-2023

**Corresponding Author's E-mail:**
mohammed.h.mohammed@student.su.edu.krd
talib5151@yahoo.com

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

**ناونیشـــــانی توێژینەوەکە**: ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشـــــانی (فریزی ئاوەڵناوی لە زمانی کوردیدا) توێژینەوەیەکی سینتاکسییە بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆنانی فریزی ئاوەڵناوی.

**ســـــنوری توێژینەوەکە**: لەچوارچێوەی زمانی کوردی دیالێکتی ناوەڕاســــتدایە، نمونەکانیش لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی ئەم دیالێکتە وەرگیراوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە**: پەیرەوی ڕێبازی وەسفی شیکاری کراوە، بەشێوەیەکی سەرەکی کار بە لقە تیۆری (X-Bar) کراوە، لەگەڵ هەندێک لقە تیۆری تر، نواندنی سـینتاکسـی فریزەکان بەگشـتی و فریزی ئاوەڵناوی بە تایبەتی پێدەرخراوە، ڕۆنانی فریزەکان بەپێی ڕێســـا و بنەماکانی تیۆری (X-Bar) و لەبەرچاوگرتنی پارامیتەری زمانی کوردی دیاریکراون.

**ئامانجی توێژینەوەکە**: مەبەسـت و ئامانجی توێژینەوەکە دەرخسـتنی ناواخنی سـینتاکسـی ئاوەڵناوە وەک یەکەیەکی فەرهەنگی پرۆژەسازدەر لەڕۆنانی فریزی ئاوەڵناویدا، بەپێی بەکارهێنانی لە فریز و ڕستەدا و پلەکانی ئاوەڵناو. بۆ ئەو مەبەســـتەش هەوڵدراوە ئاوەڵناوەکان بەپێی ناواخنی ســـینتاکســـییان لە ڕۆنانی فریزی ئاوەڵناویدا لەیەکتر جیابکرێنەوە.

**گرفتی توێژینەوەکە**: ئەم تەوەرەیە کراوەتە گرفتی توێژینەوەکە (ئـاوەڵنـاو توخمێکی فەرهەنگییە و ســـــەرەیەکی ڕێزمانییە بۆ ڕۆنانی فریزی ئاوەڵناوی.)

**پرسـیاری توێژینەوەکە**: ئایا ئاوەڵناو وەک ســەرەیەکی ڕێزمانی توانای هەڵاوێری تەواوکەری هەیە؟ چ کاتیگۆرییەکی سینتاکسی هەڵاوێردەکات؟ سەرەوڕیزبونی سەرە و تەواوکەر بەپێی بەکارهێنان و پلەکانی ئاوەڵناو چۆنە؟ فریزی ئاوەڵناوی دەچێتە چ ڕۆنانێکی سینتاکسییەوە؟

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە**: توێژینەوەکە جگە لە پوختە، پێشــــەکی، ئەنجام و لیســـتی هێما و کورتکراوەکان و لیســـتی ســەرچاوەکان لە ســێ تەوەرە پێکدێت: تەوەری یەکەم بۆ تیۆری (X-Bar) و ڕۆنانی فریزەکان تەرخانکراوە. هەر لەوێشدا ڕۆنان و سەرە و ریزبونی فریزەکان دەرخراون. تەوەرەی دوەم تایبەتکراوە بە ڕۆنانی فریزی ئاوەڵناوی و تێیایدا باســـی ئەم بابەتانە کراوە (فریزی ئاوەڵناوی، تایبەتمەندییەکانی ســــەرە_ئاوەڵناو، لقکردنی کاتیگۆریانەی ئاوەڵناو، ئاوەڵناو لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویدا، ئاوەڵناو لە بەکارهێنانی بەشـــــەکرداریدا، ئاوەڵناو لە بەکارهێنانی ئاوەڵکاریدا، فریزی ئاوەڵناوی بەپێی پلەکانی ئاوەڵناو)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

## ١. تـــــيۆری X-bar


تیۆری X-bar مۆدێلێکی ڕێزمانییە، کە "یەک ڕێســـــای هاوبەش لە نێوان کاتیگۆرییە جیاوازەکانی فرێزدا دەســـــتنیشـــــاندەکات" (Black:1998:5) ئەم یاســـــایەش بۆ ڕۆنانی فرێزەکان لە زمانی کوردیدا بەمشـــــێوەیە دادەڕێژرێتەوە:

١) أ. $XP / X'' \longrightarrow X'$ , spec

ب. $X' \longrightarrow X^{\circ}$ , comp

ڕێساکە بەپێی هێڵکاری لە (١) دا نوێنراوە:

(١)




هەروەکو لە یاســـــای (١) و هێڵکاری (١)دا دەردەکەوێت، تیۆری X-bar داوای ئەوە دەکات، کە ڕۆنانی هەمو جۆرە فرێزێک پێویســتی بە ڕۆنانی دو ئاســتی ناوەکی هەیە، وایدادەنێت، کە هەمو فرێزێک لە هەمو زمانێکدا لە هەمان یەکەی ڕۆنانی بنەڕەتیدا بەشــدارن، لە هەردو ئاســتی فرێزەکەدا، ئاســتێکیان (X")ە، پێکدێت لە ســپێک و ســـــەرەیەک پێکدێت، ئاســـــتەکەی تر (X')ە و پێکدێت لە تەواوکەر و ســـــەرەیەک (قادر: ٢٠٠٤: ٢٨) کەواتە کردە ســینتاکســییە بەدوایەکداهاتوەکان بەهۆی یەکگرتنی دوپەلکیانەی ســەرە و تەواوکەر جێبەجێدەبن. (ســەعید: ٢٠١٩: ٣٦) ســـــەرەش (Head) لەهەمو فرێزێکدا بە ($X^{\circ}$) دەنوێنرێت، (X) بنجە بۆ کاتیگۆرییە فەرهەنگی و ئەرکییەکان، کاتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی وەک (ناوN، کردارV، ئاوەڵناوA، پێشناوP) دەبنە سەرەی فرێزی (PP, AP, VP, NP) کاتیگۆرییە ئەرکییەکانی وەک (دیاریکەر Det، تاف T، کەس AGR، لێکدەر Complemtizer)یش دەبنە ســـــەرەی فرێزی(CP, AGRP, TP, DP) هەر لەبەرئەمەشــە، کە فرێزەکان بەناوی ئەوانەوە ناودەبرێن "چونکە هەر فرێزێک لەژێر دەســەڵاتە تایبەتییەکانی ســەرە دایە" (قادر: ٢٠٠٩ : ٣٧) پەیوەســت بە شــوێنی ســەرە لە بەرانبەر شــوێنی تەواوکەر، زمانەکان بۆ (سەرە_سەرەتا، سەرە_کۆتا) پۆلێندەکرێن(Radford: 2004: 10)، لە ڕیزبونی پارامێتەری زمانەکاندا گەلێک شێوەی ڕیزبونی جیاوازی وەک ( SOV, SVO, OSV, VOS) بەدیدەکرێت، کە کاریگەری هەیە لەســەر جیاکاری پارامێتەری لە فرێزەکاندا " ئەو زمانانەی، کە لە ســینتاکســدا پەیڕەوی ڕێســای SOV دەکەن لە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

ڕۆنانی ڕســـته و فریزەکاندا لە ڕێســـای جێکەوتەی ســـەرەدا پەیرەوی ســـەرە_ کۆتایی (head-last) دەکەن" (Black: 1998: 15) بەمجۆرە دەتوانین بڵێین: لەبەرئەوەی زمانی کوردی پەیرەوی ڕێســـای (SOV) دەکات، لە ڕۆنانی فریزەکاندا سەرە لای چەپ دەگرێت، یەکێکە لەو زمانانەیەی پەیرەوی ڕێسای (سەرە_کۆتا) دەکات، بەڵام دەبێت ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بکەین لە ڕۆنانی هەندێک فریزدا پێشێلی ئەم ڕێسایە دەکرێت. (بڕوانە تەوەرەکانی داهاتو)

### ١.١ ڕۆنـــانی فـــریزەکان

ڕۆنانی فریزەکان لە هەر ئاســـتێکدا بن پرۆژەیەکی فەرهەنگیین، بەپێی ئەو زانیارییانەی، کە لەناو یەکە پێکهێنەرەکانی فەرهەنگدا هەڵگیراون ڕۆدەنرێن (قادر: ٢٠١٥: ٢٨) لەبەرئەوە بە پێویســتی دەزانین توانا و ویســتی توخمە فەرهەنگییەکان بۆ ڕۆنانی فریزەکان بەپێی ڕێسای پرۆژەسازدان (Projection Principle) و ڕۆنانی ڕستە بەپێی ڕێســای پرۆژەســازدانی فراوانکراو (Projection principle Extended) و نواندنە ســینتاکســییەکانیان، کە نیشــاندانی دیوی دەرەوەی زانیارییە ســینتاکســییەکانە بخەینەڕو، چونکە فریزی ئاوەڵناوی دەچێتە ڕۆنانی بەشێک لەمجۆرە فریزانە.

### ١.١.١ فـــریزی نـــاوی (NP)

ئەو جۆرە فریزەیە، کە ســـەرە ڕێزمانییەکەی لە ســـادەترین شـــێوەدا ناوێکی تایبەتی یان جێناوێکی سەربەخۆیە، واتە ڕۆنانی فریزی ناوی لە ($N^{\circ}$) دەستپێدەکات، کە لەجێکەوتەی فریزی ناویدا دەردەکەوێت و هەمان ئەرکی فریزی ناوی هەیە، بەڵام ناوی (گشـــتی، کۆنکرێت، ئەبســـتراکت) بەهۆی (هێز)ەوە دەرکەوتنیان لەهەمان جێکەوتەدا ئەو ئەرکەیان دەداتێ. (مەعروف: ٢٠١٠: ١٥) بڕوانە فریزە هێڵ بەژێرداهاتوەکان لە (١)دا

١_ ا. ئاسۆ چو بۆ بازاڕ.

ب. ئەو چو بۆ بازاڕ.

پ. پڵنگ ئاژەڵێکی گۆشتخۆرە.

ت. هێز لە یەکێتی دایە.

فریزی ناوی لە سەرە و تەواوکەریش پێکدێت، بەڵام ئەو ناوەی دەبێتە سەرەی ڕێزمانی ئەم فریزە "ناوی تایبەتی کەس و شـوێن و جێناوە سـەربەخۆکانن" (مەعروف: ٢٠٢٠: ١١) پەیڕەوی ڕێسـای سـەرە_کۆتا دەکەن، بڕوانە فریزەکانی (٢) و هێڵکاری (٢)

٢_ ا. کوڕی ئاسۆ


ب. قاسپەی کەو

پ. شاری هەولێر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

(٢)




له نمونەکانی (٢)دا فرێزەکان ناســادەن، چونکە لە تەواوکەر و ســەرە پێکهاتون، ســەرە بەیارمەتی مۆرفیمی (ی) خستنەپاڵی لە چەپەوە بۆ ڕاست حوکمی ناوەکەی پێش خۆی دەکات و دۆخی خستنەپاڵی پێدەدات، بۆیە لە(٢_ا)دا فرێزی خســتنەپاڵی خاوەنداری ڕوتە، لە (٢_ب)دا فرێزی خاوەنداری خســتنەپاڵی زگماکییە، لە (٢_پ) دا فرێزی خســتنەپاڵی تایبەتە. (مەعروف: ٢٠١٠: ٤٢-٥٤) بەڵام فرێزە هێڵ بەژێر داهاتوەکانی (١) بە فرێزێکی ناوی ســادە دادەنرێن، چونکە لەڕوی ڕۆنانەوە لەیەک ناو پێکهاتون، جێکەوتە و هێز بۆتە هۆی ئەوەی، لە ڕســتەدا بە تەنیا دەربکەون.

## ٢.١.١ فــرێزی ئاوەڵناوی (AP)

لەبەرئەوەی ڕۆنـانی فرێزی ئـاوەڵنـاوی کرۆک و نـاوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە، بۆیە لە تەوەرەی دوەمدا بەوردی لێیدەدوێین. (بڕوانە تەوەرەی: ٢)

## ٣.١.١ فــرێزی دیــارخــەری (DP)

ئەو فرێزەیە، کە ســەرە ڕێزمانیەکەی دیارخەرێکە (Determiner) فرێزێکی ناویش دەبێتە تەواوکەری، کە پڕۆژەی ناوێکی گشتی بێت. (Abney: 1987: 47-48) دیارخەرەکانیش بریتین لە (ەکە، ێک، ەکان) وشـەی نیشانە (ئەم ... ە، ئەو ... ە، ئەم ... انە، ئەو ... انە) (Finch: 2005: 86)، (مەعروف: ٢٠١٠: ١٦-٢٠)، کە بەپێی ڕێسای سەرە، (ەکە، ێک، ەکان) ســەرە_کۆتان، چونکە جێکەوتەی کۆتای فرێزەکە دەگرن، بەڵام وشــە نیشــانەکان لەبەرئەوەی جێکەوتەی سەرەتای فرێزەکە دەگرن پەیڕەوی ڕێسای سەرە_سەرەتا دەکەن. پێویستە ئاماژەی بۆ ئەوەش بکەین مۆرفیمی (ان)ی کۆ، زۆربەی کات بەکارهێنانی بەستراوەتەوە بە (ەکە)ەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دیارخەرەکە لە فۆڕمی (ەکان)یش دەربکەوێت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت فرێزەکە دو ســەرەی هەبێت، بەڵکو (ەکە) دەبێتە ســەرەی فرێزەکە، چونکە (ا) هەر فرێزێک یەک ســەرەی هەیە. (ب) مۆرفیمی (ان) دیارخەر نییە، تەنیا بۆ نیشــاندانی کۆیە. ئەوەی جێگای سەرنجە لە زمانی کوردیدا دەگونجێت تەواوکەری سەرە دیارخەرەکە لە چەشنی جیاوازبن. بڕوانە نمونەکانی (٣)، هێڵکاری (٣).


٣_ ا. پیاوەکە، کچێک، کوڕەکان، ئەو کوڕە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

ب. کوڕە زیرەکەکە، ئەو کچە زیرەکانە (بۆ زانیاری لەبارەی ڕۆنانی ئەم جۆرە فریزە بڕوانە: ٢.٣.٢)

(٣)




## ٤.١.١ فــــریــزی پێشـــــناوی (PP)


ئەو فریزەیە، لە پێشــناوێک و فریزێکی ناوی پێکدێت، لەچوارچێوەی بەشــەکرداردا یان فریزی خســتنەپاڵی ئاوەڵناویدایە. (بڕوانە: ٢.٦.٢) پێشــــناوەکان بریتین لە (ا) پێشــــناوە ســــینتاکســــییەکانی (لە، بۆ، بە، تا، وەک) و (ب) پێشناوە فەرهەنگییەکانی (پێ، تێ، لێ) لە سینتاکسدا دەبنە سەرەی ڕێزمانی و فۆڕمەکەیان دەشکێتەوە بۆ (لە، بە) و "فریزە پێشـــــناوییەکە دەبێتە بەشــــێکی بنجی لە فریزە کردارییەکە" (علی: ١٩٩٨: ٢٢) لە هەردو بارەکەشـــــدا پێشـناوەکە دەبێتە "سـەرەیەکی حوکمکەر و لە حوکمکردنیشـدا پێچەوانەی سـەرە ڕێزمانییەکانی تر دەوەسـتێت و سـەرەکە لە ڕاسـتەوە بۆ چەپ حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات" (عەبدولرەحمان: ٢٠٠٩: ٨٩) و سـەرە_سـەرەتایە، لەبەرئەوەی هەمیشـە سـەرە ڕێزمانییەکان دۆخ دەدەن بە تەواوکەرێکی سـینتاکسـی بۆیە دەگونجێ (A' ، D' ، N') ببێتە تەواوکەر بۆ پێشناوەکە. بڕوانە نمونەکانی (٤) و هێڵکاری (٤)

٤_ أ. لە کتێبخانە، لە بازاڕ

ب. لە چاپخانەکە، بۆ شارەکە

پ. لە کوڕێکی وریا، بۆ شارێکی خۆش

(٤)




(مەعروف: ٢٠٢٠: ١٦)




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

### ٥.١.١ فــرێـزی كــرداری (VP)

ئەو فرێزەیە، كە ڕەگی كردار سەرە ڕێزمانیەكەیەتی، چونكە ڕەگی كردار پڕۆژەسازدەری فرێزی كرداریيە، زانیاری ســـینتاكســـی و واتایی تێدایە و بە هۆی ڕەگەوە كاتیگۆرییەكانی فرێزی كرداری دیاریدەكرێن، (مەجید: ٢٠١٦: ٨١) بەڵام ڕەگی كردار تەنیا پڕۆژەیەک دروستدەكات و دەسەڵاتی بەسەر یەک تەواوكەردا هەیە و پێكەوە (V')كە دروســـتدەكەن. (مەعروف: ٢٠١٣: ٧٦) بكەریش بەپێی گریمـانەی بكەری نـاوەكی ( Internal Subject Hypothesis) لە هەموو زمـانێكدا لە (Spec)ی (VP)دایە. (Black: 1998: 57) بەمەش ڕۆنـانی فرێزی كرداری تێردەبێت. بڕوانە ڕۆنانی فرێزی كرداری ڕستەی (٥) لە هێڵكاری (٥)دا.

٥. شڤان كتێبەكەی خوێندەوە.

(٥)





### ٦.١.١ فــرێـزی تاف (TP)

ئەو فرێزەیە، لە تاف (Tense) و فرێزی كرداری پێكدێت، تاف لە زمانی كوردیدا بە دو شێوەیە (ا) یان بەشێوەی (د، و، ا، ت، ی)ە، كە مۆرفیمی تافی ڕابردون. (ب) یان لە ڕانەبردودا لەڕێگای نیشانەی (ماركە)ی تافی (دە) دەنوێنرێت. (قادر: ٢٠١٥: ٤٠) ئەمانەش دەبنە دروستكەری سەرەی ڕێزمانی فرێزی تاف (مەعروف و قادر: ٢٠١١: ٤١٣) كەواتە فرێزی تاف پڕۆژەی ($T^{\circ}$)ە، كە سەرەكی ڕێزمانی ئەركییە و تەنیا دەتوانێت حكومی فرێزی كرداری بكات، بەڵام دۆخی ناداتێ، چونكە بەپێی بنەماكانی تیۆری X-bar وەک سەری دۆخدەر دیاری نەكراوە. (سەعید: ٢٠١٩: ١٤٥) بەپێی ئەوەی، كە بكەریش دەتوانێت لە شوێنێكی خوارەوە بجوڵێت بۆ سەروتر، بەرزدەكرێتەوە بۆ (Spec) فرێزی تاف (Radford: 2004: 153)بڕاونە ڕۆنانی فرێزی تافی ڕستەی (٥) لە هێڵكاری (٦)دا.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

(٦)





### ٧.١.١ فـــرێـزی ڕێکـــــەوتن (AGRP)

ئەو فرێزەیە، لە نیشانەی ڕێکەوتن و فرێزی تاف پێکدێت، بە ڕۆنانی ئەم فرێزە پرۆژە سازدانی فراوانکراو تەواوبێت، (TP)یەکە، لەناو (AGRP)ێکدا، دەشـکێتەوە (ا) نیشـانەیەکی سـەربەهەمان کەس و ژمارەی بکەرەکەی لەگەڵدا گەردانەکرێت (ب) بکەر لە (Spec)ی (TP)ەوە دەجوڵێت بۆ (Spec)ی (AGRP)ی بۆ وەرگرتنی دۆخ (قـادر: ٢٠١١: ١١٥) ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی تـافەکە چـالاک ببێـت و لە ڕێگەی فرێزی ڕێککەوتنەوە دۆخی ڕێزمـانیی نۆمینەتیڤ (Nominative Case) بە جێکەوتەیەکی دەرەکی بـدرێـت. (Chomsky:1993: 170) کەواتە ڕێکەوتن لەڕێی ئەو نیشـــانانەوە بەجێدەهێنرێت، کە پەیکاڵ و هاونیشـــانەن لەگەڵ بکەرەکەدا. ئەو نیشـــانانە، لەبەرئەوەی ڕێگەدانی سـینتاکسـی بۆ (TP)یەکە دەسـتەبەردەکەن، بۆیە دەبنە سـەرەی ڕێزمانی پرۆژەی ڕسـتەی زمانی کوردی (مەعروف: ٢٠١٣: ٧٦) پەیڕەوی ڕێسای سەرە_کۆتا دەکەن. بڕوانە هێڵکاری (٧)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

(٧)




## ٨.١.١ فــرێزی تـــەواوکەری (CP)

ئەو فرێزیە، کە ئامرازی گەیەنەری (کە/ ئەگەر) دەبێتە سەرەی لاڕستەیەکی تەواوکەری، بەپێی تیۆری (X-bar)یش، لاڕستە تەواوکەرەکە دەبێتە فرێزێکی ئامرازە گەیەنەرەکە، بەکارهێنانی هەر یەکێک لەو دو ئامرازە بەپێی چەشـــنەکانی کردارەکەی دەبێت، بڕوانە ڕســـتەی (٦_ا) ئامرازی گەیەنەری (کە) بۆ ڕســـتەی ئاســـایی و هەواڵی تەرخانکراوە، بەڵام لە ڕســـتەی (٦_ب) ئامرازی گەیەنەری (ئەگەر) بۆ ڕســـتەی مەرجی تەرخانکراوە. (محەمەد: ٢٠٠٦: ٨٧) هەروەها بڕوانە هێڵکاری (٨)


٦_ ا. ئەوان دەزانن، کە ئێمە هاتوین.

ب. ئێمە دەڕۆین، ئەگەر ئەوان بێن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

(٨)




.

## ٢. فرێزی ئاوەڵناوی (AP)

ئاوەڵناو كاتیگۆرییەكی فەرهەنگییە، پرۆژەسازدەری فرێزی ئاوەڵناوییە، لە فەرهەنگدا زانیاری سینتاكسی و سیمانتیكی بەشێوەیەكی ئەبستراكت تێیدا هەڵگیراوە، ئەم زانیارییە ناوەكیانە لە سینتاكسدا لەڕێگەی پەسنكردنی تایبەتییەكانی (ناو)ەوە دەردەكەون و دەناسرێنەوە، دەرهێنان و بەرجەستەكردنی ئەو زانیارییانەش بەهۆی ناوێكەوە – یان كاتیگۆرییەكی سینتاكسییەوە- دەبێت، كە ئاوەڵناوەكە وەك تەواوكەرێك بۆ خۆی دیاریدەكات (سەعید: ٢٠١٩: ٨٧) چونكە وەك سەرەیەكی ڕێزمانی و كاتیگۆرییەكی حوكمكەر، لەڕێی مۆرفیمی خستنەپاڵەوە، حوكمی ناوەكەی پێش خۆی دەكات و دۆخی ڕێزمانی خستنەپاڵی پێدەبەخشێت، (فەتاح: ٢٠٠٦: ٦٥) كەواتە ئاوەڵناو لە سینتاكسدا توانای هەڵاوێركردنی تەواوكەرەكەی هەیە بەمشێوەیە: (لە فرێزی خستنەپاڵی و پلەی باڵادا (NP)یەک وەك تەواوكەر دیاریدەكەن. لە بەشەكرداردا، گرووپێك لە ئاوەڵناوەكان و ئاوەڵناو لە پلەی بەراورددا (PP) وەك تەواوكەر دیاریدەكەن، هەندێك ئاوەڵناوی تر لاڕستەیەك داوادەكەن)، (بڕوانە ٢.٢ و تەوەرەكانی دواتر) لە سەرەوڕیزبون و پێكهێنانی فرێزەكاندا بەشێوەیەكی گشتی ڕێسای (سەرە_كۆتا) دەپارێزن. پەیوەست بە سیمانتیكیشەوە توانای هەڵاوێركردنی سیمانتیكی جۆر و تایبەتمەندی ئارگۆمێنتەكەیان هەیە، كە " لە سەر یاسای ڕیزبونێكی سیمانتیكی تەكنشینی –ئاسۆیی- پرۆژەكە دروستدەكەن." (موحەمەد: ٢٠٠٢: ٧٥) ئەمە سەرەڕای ئەوەی، كە فرێزی ئاوەڵناوی لە بەكارهێنانی ئاوەڵكاریدا دەگونجێت لە ڕستەدا بە تەنیا دەربكەوێت.

### ١.٢ تایبەتمەندییەكانی سەرە_ئاوەڵناو

بە پشت بەستن بەو تایبەتمەندیانەی لە تیۆری (X-bar)دا بۆ سەرە (Head) دیاریكراوە، دەتوانین تایبەتمەندییەكانی ئاوەڵناو وەك سەرەیەكی ڕێزمانی لەم خاڵانەدا بخەینەڕو:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

١- سـەرە هەڵگری زانیاری واتاییە لە فرێزەکەدا، لەم بارەدا ئاوەڵناو وەک پریدیکاتێک –ئارگۆمێنت_داواکەر- هەڵگری زانیاری واتاییە، کە لە نواندنە سینتاکسییەکاندا دەخرێتەڕو، بۆ نمونە لە (٧)دا، ئاوەڵناوەکە لەڕوی واتای زایەندەوە –ڕەگەز- تەنیا ئارگۆمێنتی [- نێر]ەکان هەڵدەبژێرێت. (مەعروف: ٢٠٢٠: ١٣٢-١٤١)

٧. ژنی دوگیان، کچی سەلار، کچی عەیار، کچی ماڵدار، کچی جوانکیلە، .....

٢- کاتیگۆری سـەرە کاتیگۆرییەکانی تری فرێزەکە دیاریدەکات، ئەم تایبەتمەندییەش لە ئاوەڵناودا هەیە و فرێزێکی ناوی یان فرێزێکی پێشناوی وەک تەواوکەر دیاریدەکات.

٣- سـەرە لە فرێزدا بونی خورتییە، لە کاتێکدا ڕەنگە کەرەسـتەکانی تر لە فرێزەکەدا سـەرپشـکیبن. لە فرێزی ئاوەڵناویدا، ئاوەڵناوەکە وەک سەرە بونی خورتییە، بەڵام پلە سەرپشکییە.

٤- تەواوکەری سـەرەکان بونیان خورتییە بەپێی کاتیگۆری سـەرەکان داوادەکرێن. لە فرێزی ئاوەڵناویدا (NP) و (PP) وەک تەواوکەر لەلایەن ئاوەڵناوەکەوە داوادەکرێن و بونیان خورتییە.

٥- سـەرەکان لەڕوی (ڕەگەز و ژمارە)وە، تەواوکەرەکانیان ملکەچی هەمو یان بەشـێک لە تایبەتمەندییەکانیان دەکەن. لەم بارەوە ئاوەڵناو لەڕوی ڕێزمانییە پەیڕەی (ڕەگەز و ژمارە) ناکات. تەنیا پێویستی بە ڕیکەوتنی واتایی هەیە لەگەڵ تەواوکەرەکەیدا. بۆ نمونە ئاوەڵناوێکی وەک: (شـیرین، ترش، سـوێر، ...تاد) بە سـیمای واتـایی [+ خواردن/ خواردنەوە، + کۆنکرێت، + چێژتن، + توانەوە] لەگەڵ نـاوێکدا ڕێکدەکەوێت (بڕوانە (٨_ا))، بەڵام ئەگەر ناوەکە ئەو سیما واتاییانەی نەبێت ڕێگەی پێنادرێت. (بڕوانە (٨_ب))

٨_ ا. هەناری شیرین

ب. *بەردی شیرین

٦- سەرەکان دۆخی ڕێزمانی بە (NP)یەکان دەدەن، ئەمەش بەشێوەیەکی نەریتی پەیوەستە بە حوکمکردنەوە، چونکە سـەرەکان حوکمی دۆخی ڕێزمانی شـوێنکەوتوەکانیان دەکەن. لەم بارەشـەوە ئاوەڵناو لە فرێزی خسـتنەپاڵی ئاوەڵناویدا سـەرەیەکی حوکمکەر و دۆخپێدەرە، بەڵام لە بەشـە کردار و پلەی بەراورددا تەنیا ڕۆڵی بابەتانە بە ئارگۆمێنتەکانی دەدات. (Tallerman: 2020: 120-121)

## ٢.٢ لقکردنی کاتیگۆریانە (Sub categorization)

لقکردنی کاتیگۆریانە، بە فۆرمکردنی ئەو زانیارییانەن، کە یەکەیەکی فەرهەنگی لەخۆیدا هەڵیگرتون، بەپێی ئەم لقە تیۆرە لەبەرئەوەی، سـەرە ڕێزمانییەکان وەک (ڕەگی کردار، ناو، ئاوەڵناو، پێشـناو، دیارخەر) لە فەرهەنگدا زانیاری فەرهەنگی و ڕێزمانی و واتاییان تێدایە و بەپێی ئەو زانیاریانە نەخشـەی ڕۆنانە سـینتاکسـییەکان دەکێشـرێت، لەو ڕوانگەشـەوە لە زانیارییە ڕێزمانییەکانەوە دەسـتپێدەکرێت و دەکرێنە کرۆکە سـەرەتا، بەپێی زانیـارییە ڕێزمـانییەکـان سـەرە ڕێزمـانییەکـان تەواوکەرە خورتییەکـان دیـاریـدەکەن و پرۆژەی فرێزەکـان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

دروســـتدەكەن. (مەعروف و قادر: ٢٠١١: ٣٩٧–٣٩٨) بەپێی ئەمەش ئاوەڵناو تەنیا لە (٢_ا)دا، هەڵاوێركردنی لە فەرهەنگدا هەیە، لە (٢_ب، پ)دا هەڵاوێركردنەكەی لە سینتاكسدایە، چونكە دوای شكانەوەی ئاوەڵناوەكە لە فرێزی كرداریدا داواكردنی كاتیگۆرییە سینتاكسییەكان دەوەستێتە سەر ئاوەڵناوەكە.

٢) ا. ئاوەڵناو لە بەكارهێنانی ئاوەڵناویدا (Attributive use) بەپێی زانیاری فەرهەنگی پەیڕەوی یاسـای [N] + A دەكات. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، ئەو ئاوەڵناوە تەواوكەرێك لە كاتیگۆری ناو هەڵدەبژێرێت. بڕوانە نمونەی (٩).

ب. ئاوەڵناو لە پلەی بەراورد و ئاوەڵناوەكانی (زیز، زویر، پشتەستور، بەپەرۆش.....) لە بەكارهێنانی بەشەكرداریدا (Predicative use) داوای [PP]یەك، دەكەن. بڕوانە نمونەی (١٠)

پ. ئاوەڵناوی (ئاشـكرا، دڵنیا، ڕاسـت، ڕون ....) لە بەكارهێنانی بەشـــەكردار و فرێزی تافدا، داوای [S]ێك دەكەن. هەر وەكو پێشـــتریش ئـامـاژەمـان بۆ كرد "داواكردنەكە بە هۆی بونی ئەم جۆرە ئـاوەڵنـاوانەوەیە لە بەشـــە كردارەكەدا." (فتاح: ٢٠١٠: ٣٧٦) بڕوانە نمونەی (١١)

٩ . كوڕی زیرەك، منداڵی ژیر

١٠_ا. لە تۆ زیرەكترە، لە ئەو ژیرترە.

ب. لە من زیزە، بۆ من بەپەرۆشە.

١١_ ا. من دڵنیام، كە ئێوە سەردەكەون.

ب. ئاشكرایە، كە شڤان ڕۆیشتوە.

لەدوای ئەوەی بەپێی لقە تیۆری (لقكردنی كاتیگۆریانە) توانا و ویســتی ئاوەڵناومان وەك ســەرەیەكی ڕێزمانی زانی، لێرەوە بەپێی تیۆری (X-bar) دەستنیشـانی ڕۆنان و سـەرەوڕیزبونی سـەرە و تەواوكەرەكان دەكەین، بەپێی بەكارهێنانی ئاوەڵناوەكە، ئەوە دەردەخەین، كە ئاوەڵناوەكان لە ڕۆنان و نواندنە سـینتاكسـییەكاندا، كوێی فرێزەكان دەگرن و دەچنە ڕۆنانی سینتاكسی چ فرێزێكەوە؟

## ٣.٢ ئاوەڵناو لە بەكارهێنانی ئاوەڵناویدا (Attributive use)

بەكارهێنانی ئاوەڵناوی بریتییە لە بەكارهێنانی ئاوەڵناو لە دوای ناو، كە بەهۆی مۆرفیمی خسـتنەپاڵیەوە بە ناوەكەوە دەبەسترێتەوە و فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی پێكدێنێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە بەپێی تیۆری (X-bar) دەبێت ئاوەڵناو لەم جۆرە بەكارهێنانەدا وەك ســـەرەیەكی پرۆژەســـازدەر دیاریبكرێت (ا) بۆ ئەوەی پێشـــێلی بنەمـاكـانی ئەم تیۆرە نەكرێت، چونكە بەپێی یەكێك لە بنەمـاكـان، هەروەكو لە ڕێســـای (١)دا خســـتمـانەڕو، بەرهەمهێنانی پرۆژەی فرێز لە زمانی مرۆڤدا بەهۆی سەرە و تەواوكەرەوەیە. (سەعید: ٢٠١٩: ٦١) (ب) بە ڕێسـای سـەرە_كۆتا، سـەرەی ڕێزمانی فرێزەكەیە و بە هۆی (ی) خسـتنەپاڵی لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست حكومی ناوەكە دەكات و دۆخی خسـتنەپاڵی ئاوەڵناوی پێدەدات. (پ) هەمان هەڵسـوكەوتی سـینتاكسـی دیارخەری (ەكە، وشـەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23


نیشـــانە)ی هەیە، ســـیمای [+ ناســـیاوی] بە ناوەکە دەدات. (ت) دەرخراوەکەی کە ناوی گشـــتییە دەکاتە فرێز. (مەعروف: ٢٠١٠: ٤٦)

### ١.٣.٢ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی

ئەو فرێزەیە، کە لە ناوێک و ئاوەڵناوێک پێکدێت، بە هۆی (ی) خستنەپاڵییەوە بە یەکەوە دەبەسترێنەوە، کە تێیدا ئاوەڵناوەکە "ســـەرەی ڕێزمانییە و پرۆژەی فرێزی خســـتنەپاڵی ئاوەڵناوی دروســـتدەکات، بەپێی زانیاری فەرهەنگی، کە لە (٢_ا)دا، ئاماژەمان بۆکرد، ناوێک بە نیشـانەی گشـتییەوە وەک تەواوکەر بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، لە نواندنە سـینتاکسـییەکەدا ڕێسـای سـەرە_کۆتایی جێبەجێدەکات" (مەعروف: ٢٠٢٠: ١٢) لەم بارەشـدا دەگونجێت ئـاوەڵنـاوەکە لە پلەی چەســـپـاودا بێت، یـان لە پلەی بەراورددا (بڕوانە ٢.٦.٢) هەروەهـا بڕوانە نمونەی (١٢) و هێڵکاری (٩).

١٢. ئەسپی بەهێز، گوڵی سور

(٩)




لە فرێزی خسـتنەپاڵی ئاوەڵناویدا ناوە گشـتییەکە دەتوانرێت، دیارخەری (ێک)[1]ی نەناسـیاری پێوەبلکێنرێت، فرێزێکی دیـارخەری پێکبهێنرێـت و لە فرێزە ئـاوەڵنـاوییەکەدا بشـــکێتەوە، بەڵام (ەکە) لە دوای نـاوەکە ڕێگەی پێنادرێت، بڕوانە نمونەی(١٣) و هێڵکاری (١٠).


١٣_ ا. پیاوێکی پیر

ب. * پیاوەکەی پیر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

(١٠)





ڕێگەنەدان بە (١٣_ب) هۆکارێکی واتاییە، چونکە ئاوەڵناوی (پیر) وەک دەرخەری ناوی (پیاو) نیشـــانەی [+ دیاریکراو]ی پێداوە. بەهەمان شـــێوە مۆرفیمی ناســـیاوی (ەکە) نیشـــانەی دیاریکراوی بە ناوەکە دەدات، بۆیە بەکارهێنانی هەردوکیان پێکەوە لە ڕوی واتاوە کەم بەهایە. (مەعروف: ٢٠١٠: ٦٣)

لە فریزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویدا (A)یەکە، لە پێشەوە بەهۆی پلەوە (Degree) وەک (زۆر، کەمێک، هەندێک، ...تاد) دەردەخرێت، (مســـتەفا: ٢٠٠٨: ٢٥) لە دواوەش دەتوانرێت چەندین فریزی ئاوەڵناوی لە ناویەکداشـــکاوە بەیاریدەی مۆرفیمی خســـتنەپاڵی و لێکدەر زیادبکرێت، "چونکە هیچ ڕێگرییەکی ســـینتاکســـی نییە بۆ هاتنی ئاوەڵناوەکان". (Huddleston and Geoffrey: 2005: 96) بڕوانە (١٤) و هێڵکاری (١١_ا، ب)


١٤_ ا. پیاوی زۆر ئازا

ب. کراسێکی سپیی تازە، کچێکی جوان و باڵابەرز

(١١) ا.




(١١) ب.




شـــایانی باســـە تاکبەندەکان (Distributives) (هەر، تەنیا)، ڕادەی چەندێتی (Quantifiers) (هەمو، گشـــت، چەند، کام، تۆزێک، هیچ) ژمارەکان (Numerals) (یەک، یەکەم، دو...) [٢] (Fattah: 1997: 199) لە پێشـــەوە دەبنە دەرخەری (AP)یەکە، بڕوانە نمونەی(١٥)

١٥_ ا. دو کوڕی زیرەک



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

ب. تەنیا پیاوێکی پیر

## ٢.٣.٢ فـرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی لە (DP)دا

فرێزی خســـــتنەپـاڵی ئـاوەڵنـاوی دەچێتە ڕۆنـانی فرێزی دیـارخەریەوە و دەبێتە تەواوکەری ســــەرە ڕێزمـانییەکـانی (ەکە، ئەم ...ە، ئەو ...ە، ئەم ...انە، ئەو ...انە) لەم بـارەدا "ئەم دیـارخەرانە گۆڕینی فۆڕمی (ی)ی خستنەپاڵ بۆ (ە) [٣]بەسـەر فرێزە ئاوەڵناوییەکەدا دەسـەپێنن" (بابان: ٢٠٠٨: ٧٤) لەبەرئەوە (ی) لە فرێزەکەدا واتای گشـــتی هەیە دەبێت بگۆڕدرێت بۆ (ە)، چونکە "(ە) واتـای دیاریکردنی هەیە" (مەحوی و ئەوانی تر: ٢٠١٠: ٥٩) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەو کاتیگۆرییە ســــینتاکســــییانەی، کە دەبنە تەواوکەری دیارخەرەکان دەبێت دیاریکراو بن.[٤] بڕوانە نمونەکانی (١٦) و هێڵکاری (١٢_ا، ب)


١٦_ ا. ژورە تاریکەکە، شاخە بەرزەکە

ب. ئەم ژورە تاریکە، ئەم شاخە بەرزە


پ. چەقۆ تیژەکە

ت. ئەم چەقۆ تیژە[٥]

(١٢) ا.




(١٢) ب.




شـــایانی باســـە فرێزە ئاوەڵناوییەکە لە (DP)یەکەدا، هەمان تایبەتمەندی ئەو فرێزە ئاوەڵناویەی هەیە کە بەهۆی (ی) دانەپاڵی بەرهەمدێت (ا) (A)یەکە، لە پێشـــــەوە بە پلە دەردەخرێت. (بڕوانە (١٧_ا))، (ب) لە دواوە دەتوانرێت چەندین فرێزی ئاوەڵناوی لە ناویەکداشـــــکاوە بەیاریدەی مۆرفیمی خســـــتنەپاڵی و لێکدەر زیادبکرێت. (بڕوانە (١٧_ب)) ئەمەش ئەوە دەردەخات تەواوکەری فرێزە دیارخەریەکە فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویە.

١٧_ ا. کوڕە زۆر زیرەکەکە

ب. کوڕە ژیرە زیرەکەکە، کوڕە ژیر و زیرەکەکە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23


### ٣.٣.٢ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی لە (PP)دا

فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی دەچێتە ڕۆنانی ئەو فرێزە پێشناوییەی، کە بەهۆی پێشناوی (بە) بەرهەمدێت و فرێزە پێشـــناوییەکە بونی خورتییە، (Fattah: 1997: P222) چونکە هاوبەشـــی ڕۆنانی فرێزی کرداری دەکات (حســـێن: ٢٠١٠: ٢٣٤) (بڕوانە (١٨_ا)). ئەوەی جێگەی ســـەرنجە ئەگەر لەڕوی ڕۆنانی ژێرەوە لە ڕۆنانی فرێزی (ئازا) لە (١٨_ا)دا، بڕوانین، ئەوە بەو ڕاســتییە دەگەین ناوێک لە پێش ئاوەڵناوەکە هەبوە، واتە فرێزە ئاوەڵناوییەکە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا لە جۆری (١٨_ب) بوە، (عەول: ٢٠٠٨: ٧) بۆیە بە فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی ناومان بردوە. بڕوانە هێڵکاری (١٣)

١٨_ ا. من تۆ بە ئازا ناودەبەم.

ب. من تۆ بە مرۆڤێکی ئازا ناودەبەم.

(١٣)




شایانی باسە فرێزی ئاوەڵناوی بەشداری لە ڕۆنانی ئەو (PP)یانەشدا دەکات، کە لە ڕستەدا بونیان سەرپشکییە و دەتوانرێت لاببرێن. (براونە (١٩))

١٩_ ا. pro هۆنراوەکەی بە دەنگێکی بەرز خوێندەوە.

ب. pro هۆنراوەکەی خوێندەوە.

### ٤.٢ ئاوەڵناو لە بەکارهێنانی بەشەکرداریدا (Predicate use)

ئاوەڵناو لەگەڵ کرداری (بون)دا بەشەکردارێک (Predicate) پێکدەهێنێت، و بەشداریدەکات لە ڕۆنانی (VP) و ئەو (TP)یانەی کە بە (TP)ی بێرێکەوتن/ بێکەس ناسراون.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

### ١.٤.٢ فریزی ئاوەڵناوی لە ڕۆنانی (VP)دا

ئاوەڵناو لەگەڵ کرداری (بون)دا فریزێکی کرداری پێکدەهێنێت، چۆمســـکی ئاوەڵناو بە تەواوکەری کرداری (بون) (be) دادەنێــت، (Chomsky: 1988: 55) تەواوکەریش پێکهێنێکی فریزی کردارییە و واتــای کردارەکە تەواودەکات (Katamba: 1993: 331) کردارەکە لە ڕێی کرداربەندیەوە ڕێی دەستوری بە بونی ئاوەڵناوەکە دەدات و بەخۆیەوە دەبەســـتێتەوە، بەهۆی شـــکانەوەی (VP)یەکە لە (TP)دا و شـــکانەوەی(TP)یەکەش لە (AGRP)دا، دۆخی ڕێزمانی بە بکەر دەدەن، پرۆژەسازدانی فراوانکراو جێبەجێدەکەن، چونکە کرداری (بون) لە فۆرمی (ئێستا ، ڕابردو، داهاتو، داخوازی) لە (ڕەگ و کات و کەس) پێکدێت. (رســـول: ٢٠٠٦: ٣١) بڕوانە نمونەی (٢٠) و هێڵکاری (١٤)

٢٠. ئەوان زیرەک بون.

(١٤)




### ٢.٤.٢ تایبەتمەندییەکانی فریزی ئاوەڵناوی لە بەشەکرداردا

١- ئەگەر بەشەکردارەکە بە مەبەستی دەربڕینی دڵنیایی و ڕاستی بێت، دەگونجێت فریزە ئاوەڵناوییەکە بەتەنیا لە ئاوەڵناوێک پێکبێت (بڕوانە (٢١_ا،ب))، یان فریزێکی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی بێت. (بڕوانە (٢١_پ))

٢١ _ ا. کارزان نەخۆشە.

ب. هاوین گەرمە.

پ. ژیار کوڕێکی چاکە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

٢- ئەگەر لە بەشەکردارەکەدا یەکێک لە ئاوەڵناوەکانی وەک: (بەپەرۆش، زویر، زیز، توڕە، دڵخۆش، ....) هەبو، هەروەکو لە (٢_ب)دا، لە لقکردنی کاتیگۆرییانە ئاماژەمان بۆکرد، بە هۆی بونی یەکێک لەم ئاوەڵناوانە (PP)یەک، وەکو تەواوکەر داوادەکرێت، جێکەوتەکەی دەکەوێتە پێش ئاوەڵناوەکە و بەپێی ڕێسای سەرە_کۆتایە، بەڵام (PP)یەکە دەتوانرێت بگوێزرێتەوە بۆ دوای بەشەکردارەکە و لە ڕستەکەدا هەڵسوکەوتی ئازادانەی هەیە، لەم بارەشدا بونی پێشناوەکە وەک سەرەی (PP)یەکە، ڕێگە بۆ ئەم هەڵسوکەوتەی خۆشدەکات، جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین جێگۆڕینی (PP)یەکە لە پلەی بەراوردیشدا هەر بەم هۆکارەوە بەندە، ئەوەی جێگای سەرنجە فرێزە پێشناوییەکە خاوەنی دو تایبەتمەندی سینتاکسییە:


١. پشت بە هاتنی سەرەیەکی ئاوەڵناو دەبەستێت لە بەشەکردارییەکەدا.

٢. فرێزە پێشناوییەکە بە خورتییە، ئەگەر دەرکەوتبێت یان دەرنەکەوتبێت. (Fattah: 1997 :222) بڕوانە نمونەی (٢٢) و هێڵکاری (١٥)

٢٢_ ا. ژیار بۆ خوێندن بەپەرۆشە.

ب. ژیار بەپەرۆشە بۆ خوێندن.

(١٥)




لەم جۆرە فرێزەشدا، پلە دەبێتە دەرخەر، شوێنەکەی بەگوێرەی جێکەوتەی تەواوکەرەکە دەگۆڕێت، ئەگەر تەواوکەرەکە پێش فرێزە ئاوەڵناوییەکە بکەوێت، ئەوا پلەکە پێش (A')کە، یان پێش (PP)کە دەکەوێت، بڕوانە(٢٣_ ا، ب)، بەڵام ئەگەر تەواوکەرەکە کەوتە پاش بەشەکردارەکە ئەوا جێکەوتەی پلەکە هەمیشە پێش (A')کە، دەبێت. (بڕوانە ٢٣_پ) (عەول: ٢٠٠٨: ٩٠)

٢٣_ ا. شڤان بۆ خوێندن زۆر بەپەرۆشە.

ب. شڤان زۆر بۆ خوێندن بەپەرۆشە.

پ. شڤان زۆر بەپەرۆشە بۆ خوێندن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

ت. * شڤان بەپەرۆشە زۆر بۆ خوێندن


٣- ئاوەڵناوەکانی وەک (دڵنیا، ئاگادار، دڵخۆش...) هەروەکو لە (٢_پ)دا لە لقکردنی کاتیگۆرییانەی ئاوەڵناودا نیشانماندا، کاتێک دەچنە بەشەکرداری ڕستەی سەرەکیەوە، ئەوە بە سەر بەشەکردارەکەدا دەسەپێنن، کە داوای لاڕستەیەکی تەواوکەر بکات. بەشەکردارەکە هەمیشە دەکەوێتە لای ڕاستەوە پەیڕەوی ڕیسای سەرە_سەرەتا دەکات. بڕوانە (٢٤_ا، ب) شایانی باسە "ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە، ڕێگە بەهاتنی پاڕستە تەواوکەریەکە دەدەن شوێنیان بکەوێت، بەڵام ئاوەڵناوەکانی وەک (شیرین، بەرز، نەخۆش ...) ڕێگەنادەن پاڕستەی تەواوکەری دوایان بکەوێت (بڕوانە (٢٤_پ)) ئەمەش پەیوەندی بەگوزارەی سیمانتیکییەوە هەیە، لەبەرئەوەی گوزارەی سیمانتیکی ئەو ڕەگەزە دیاریدەکات، کە لەگەڵیدا دێت." [٦] (هەمان سەرچاوە: ٢٠٠٨: ٩٦)، کەواتە پەیوەستە بەلایەنی سیماتیکییەوە داوای لاڕستەکە دەکرێت.

٢٤_ ا. من دڵنیام، کە ئەوان ڕۆیشتون.

ب. * کە ئەوان ڕۆیشتون، من دڵنیام

پ. * شیرینە، کە ئەوان دەردەچن

(١٦)






Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036


٤- چەند ئاوەڵناوێک لە بەشـــەکرداردا مەرجە بە مۆرفیمی (و) بەیەکەوە ببەســـترێنەوە، چونکە بەســـتنەوەی ئاوەڵناوەکان بە (ی- ــە) ڕێگەیان پێنادرێت. (بڕوانە (٢٥_ب، پ)) (هەمان سەرچاوە: ٢٠٠٨: ٥٢) لەم بارەدا ئاوەڵناوەکان لەگەڵ مۆرفیمی (و)ی تەکخســتن فرێزێکی تەکخراو (CongP) پێکدەهێنێت، چونکە (و) دەبێتە سەرەی ڕێزمانی فرێزەکە. (سەعید: ٢٠١٩: ٩٢) بڕوانە (٢٥_ا) و هێڵکاری (١٧)

٢٥_ ا. ئەوان بەهێز و بەتوانا بون.

ب. * ئەوان بەهێزی بەتوانا بون

پ. * ئەوان بەهێزە بەتوانا بون

(١٧)




٥- کاری (کەوت، هەڵگەڕا، داگەڕا، چوەوە) لەگەڵ ئەو ڕستەی کرداری (بون)ی تێدایە بەشێوەیەکی گشتی یەک واتایان هەیە، لەگەڵ هەندێک ئاوەڵناودا بەشەکرداری ڕستەکە پێکدەهێنن. بڕوانە (٢٦)

٢٦_ ا. چیاکە سپی بو.

ب. چیاکە سپی دەچێتەوە

پ. منداڵەکە بێناز بو.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

ت. منداڵەکە بێناز کەوت.

ح. منداڵەکە زۆر بێناز کەوت.

٦- هەمو ئەو فرێزە ئاوەڵناویانەی لە بەشەکرداردا ئاماژەمان پێدان، ئەو تایبەتمەندیەیان تێدایە لە پێشەوە پلە ببێتە دەرخەریان. بۆ نمونە بڕوانە (٢٦_ ح)

٧- لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، ئاوەڵناو لەگەڵ کرداری (بون)دا کرداری لێکداراویش پێکدەهێنێت، لەم بارەدا بۆ جیاکردنەوەی لە بەشەکردار بەهۆی واتاوە[٧]دەبێت، ئەگەر ئاوەڵناوەکە بۆ دەربڕینی یەکێک لەو بیر و واتایانە بێت، کە بەهۆی ئاوەڵناوەوە دەردەبڕدرێن، بۆ واتا فەرهەنگییەکەی بەکارهاتوە لە ڕۆنانی بەشەکردارداییە، بەپێچەوانەوە لە ڕۆنانی کرداری لێکدارو دایە[٨].

٢٧_ ا. کراسەکە سەوز بو.

ب. درەختەکە سەوزبو.

لە (٢٧_ا)دا (سەوز) بۆ دەربڕینی ناوچەی واتایی (ڕەنگ) بەکارهاتوە، (تەواوکەرە)، بەڵام لە (٢٧_ب)دا بە واتای (چرۆکردن) هاتوە، کردارێکی لێکدراوی پێکهێناوە.

## ٣.٤.٢ فرێزی ئاوەڵناوی لە (TP)دا

ئاوەڵناوەکانی وەک: (ئاشکرا، دیار، ڕاست، ئەستەم، ڕون، گرنگ...) دەچنە ڕۆنانی ئەو (TP)یانەی، کە بە (TP)ی بێ ڕێکەوتن/ بێکەسەکان ناسراون، وەک (ئاشکرایە، ڕاستە، دیارە ...)[٩] بەهۆی نەبونی ڕێکەوتنەوە، نەبونە پرۆژەیەکی تێر و بێکەموکوڕی، لەبەرئەوە (TP)یەکە، دەبێت (AGRP)ێکیان، تێدا بشکێتەوە و ڕۆنانی ڕستەیەکی ئاڵۆز دروستکەن، تا لەڕێی کۆنترۆڵی کەسی ڕستەی دوای خۆیانەوە ڕێگەدانی سینتاکسییان بۆ دەستەبەربێت، هەروەکو چۆن لە ڕستەیەکی ئاسایدا لەناو (AGRP)دا، دەشکێنەوە (Inflected) (مەعروف: ٢٠١٣: ٨٠) بڕوانە (٢٨_ا) و هێڵکاری (١٨)

٢٨_ ا. ئاشکرایە، کە ئەوان دەردەچن.


ب. ئەوان$_i$ ئاشکرایە، کە $t_i$ دەردەچن.

ت. * کە ئەوان دەردەچن، ئاشکرایە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

(١٨)




لە نمونەی (٢٨ب) و هێڵکاری (١٨)دا، دەردەکەوێت، کە کەسی ڕستەی دوەم بۆ (Spec)ی (TP)یەکە، بەشێوەیەکی سەرپشکی گوێزراوەتەوە و کراوەتە باس (Topic) (هەمان سەرچاوە: ٢٠١٣: ٨٠)

### ٥.٢ ئاوەڵناو لە بەکارهێنانی ئاوەڵکردایدا (Adverbial use)

مەبەست لەم بەکارهێنانە ئەوەیە، ئاوەڵناو لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا، وەک ئاوەڵکردارئاسا بەکاردەهێنرێت. هەرچەندە ئاوەڵناو بە تەنیا ناچێتە ناو پێکهاتە سینتاکسییەکانەوە (سەعید: ٢٠١٩: ١٣٦) بەڵام لە جێکەوتەی ئاوەڵکردار دەتوانێت بە تەنیا دەربکەوێت، "ڕۆڵەکەی دەبێتە دەرخستنی چۆنێتی ڕودانی کارەکە."(مەعروف: ٢٠١٠: ٧٠) لەم بارەدا واتای چۆنێتی ئاوەڵناو دەکرێتە بنەما بۆ دەرخستن و بەرهەمهێنانی ئاوەڵکرداری چۆنێتی، کەواتە سیمای [+ چۆنێتی]ی ئاوەڵناوەکان، مەرجی واتایی لە ڕۆنانەکاندا دەستەبەردەکەن، دواتریش جێکەوتەی سینتاکسی گۆکردنی ئاوەڵکرداریان پێدەدات. بۆ ئەوەی ئەمە ڕوبدات، دەبێت ئاوەڵناو بە گۆڕینی سیماکانی لە ئاوەڵناوی بخرێت، بە دەربڕینێکی تر فرێزی ئاوەڵکردارئاسا لە ئاوەڵناو بەرهەمبهێنرێت، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە ئاوەڵناوەکە لەڕوی زانیاری سینتاکسییەوە کۆی ئەو سیمایانە لە دەستبدات، کە لە (١٩)دا بۆی دیاریکراون، بەوەش لە سەرەی ڕێزمانی دەکەوێت و سیماکانی لە جۆری (٢٠) دەبێت، کەواتە لە ئاوەڵناو خستنەکە بۆئەوەیە، کە زانیاری سینتاکسییەکەی بۆ زانیاری ئاوەڵکرداری گۆڕانی بەسەردابێت و (سەعید: ٢٠١٩: ١٣٧) بتوانێت، لە ڕستەدا بەتەنیا دەربکەوێت. بڕوانە (٢٩_ب)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23


| | (۱۹) | | (۲۰) |
|---|---|---|---|
| ئاوەڵناو | + چۆنێتی<br>+ سەرەی ڕێزمانی<br>+ دۆخ و حوکمکردن<br>+ پرۆژەسازدەر | له ئاوەڵناوخستن ← | + چۆنێتی<br>− سەرەی ڕێزمانی<br>− دۆخ<br>− حوکمکردن |

٢٩_ ا. کتێبێکی گرانم کڕی.


ب. کتێبەکەم گران کڕی.

له (٢٩_ا)دا (گران) ئاوەڵناوە ســــەرەیەکی ڕێزمانییە و حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات و دۆخی پێدەدات، کەواتە پرۆژە سازدەرە، چونکە سیماکانی (١٩) هەیە، بەڵام لە (٢٩_ب)دا بەتەنیا لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا هاتوە، بەمەش سیماکانی لەدەستداوە "بە قورساییخستنەسەر (Stress) بە ('V) هەڵدەواسرێت/ نۆدێکیتر دروستدەکات." (مەعروف: ٢٠١٢: ٢٨٨) بڕوانە هێڵکاری (٢١_ا، ب)

(٢١) ا.




(٢١) ب.




شـــایانی باســـە هەمو ئاوەڵناوێک ناتوانێت بە فۆرمی بنجییەوە جێکەوتەی ئاوەڵکرداری چۆنێتی پڕبکاتەوە، لەبەرئەوە مۆرفۆلۆژی "لەڕێی یاســــایەکی لە جۆری (ئاوەڵناو+ انە)وە، ئاوەڵکرداری هەڵگوێزراو (Derivated adverb) بەرهەمدێنێت. ئەو یاســـایە، ئەگەرچی کەمبەرهەمە، بەڵام بوار بۆ ئەو ئاوەڵناوانە دەڕەخســـێنێت، کە بە نیشانەی چۆنێتییەوە نابنە ئاوەڵکردار" (هەمان سەرچاوە: ٢٠١٢: ٢٩٧) بڕوانە ڕستەکانی (٣٠)

٣٠_ ا. * شڤان ژیر وەڵامدەداتەوە

ب. * ژیار زیرەک لە بابەتەکەی ڕوانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

پ. شڤان ژیرانە وەڵامدەداتەوە.

ت. ژیار زیرەکانە لە بابەتەکەی ڕوانی.

## ٦.٢ فرێزی ئاوەڵناوی بەپێی پلەکانی ئاوەڵناو

ئـاوەڵنـاو توانـای وەرگرتنی مۆرفیمەکـانی (تر، ترین)ی پلەی بەراورد و بـاڵای هەیە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئاوەڵناو لەڕوی پلەوە دابەشببێت بۆ سێ جۆر، کە کاریگەری لەسەر ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناوی هەیە:

### ١.٦.٢ پــــلەی چەسپاو

ئاوەڵناو لەم بارەدا هیچ نیشــانەیەکی لەســەر نییە، بەپێی دەروازەی فەرهەنگی پرۆژەی فرێزی ئاوەڵناوی بەرهەمدەهێنێت، دەبێتە بناغە بۆ مۆرفیمەکانی پلەی بەراورد و باڵا. (بڕوانە ٣.٢ و ٤.٢)


### ٢.٦.٢ پــــلەی بـەراورد

ئاوەڵناو بەهۆی مۆرفیمی (تر)ەوە دەچێتە فۆرمی پلەی بەراوردەوە، لەم بارەدا لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوی یان بەشـەکرداریدا، (PP)یەک، وەکو تەواوکەر داوادەکات و سـەرەوڕیزبونەکەی لە شێوەی (سـەرە_کۆتا)دا دەبێت، ئەگەر فرێزە پێشــناوییەکە بەیاریدەی پێشــناوی (لە) پێکهاتبو، لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوی یان بەشــەکرداریدا، پێش ئاوەڵناوەکە دەکەوێت، بەڵام هەڵسوکەوتی ئازادانەی هەیە، هەر وەکو ئەو (PP)ی کە لەلایەن گروپی ئاوەڵناوەکانی (بەپەرۆش، زیز، زویر، ...) داوادەکرێت. (براونە: ١.٤.٢) بڕوانە (٣١)و هێڵکاری (٢٢)

٣١_ ا. پیاوێکی لە باوکم باڵابەرزتر، پیاوێکی باڵابەرزتر لە باوکم

ب. لە شڤان زیرەکتر، زیرەکتر لە شڤان

(٢٢)




ئەگەر فرێزە پێشناوییەکە بەیاریدەی پێشناوی (تا، وەک) پێکهاتبو، تەنیا لە بەشەکرداردا، دەبێتە تەواوکەری ئاوەڵناوەکە و هەمیشــــە دوای بەشــــەکردارییە ئاوەڵناویەکە دەکەوێت. (عەول: ٢٠٠٨: ٩٩) پەیڕەوی ڕێســـــای (سەرە_سەرەتا) دەکات. بڕوانە (٣٢)

٣٢_ ا. ئەو ئازاتر بو تا من.

ب. ڕۆیشتن خۆشترە وەک لە ڕاکردن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

پ. *کوڕێکی تا من ئازاتر، ئەو تا من ئازاتربو

ت. *کوڕێکی وەک لە من ئازاتر، ڕۆیشتن وەک لە ڕاکردن خۆشترە

ئەو ئاوەڵناوەی لە پلەی چەسپاودا پێویستی بە تەواوکەرێکی (PP)ی هەیە، لە پلەی بەراوردیشدا جگە لەو تەواوکەرە، داوای تەواوکەرێکی بەراوردیش دەکات، ئەمەش زیاتر ئەوە دەسەلمێنێت ئاوەڵناوەکە لە ناو بەشەکردارییەکەدا داوای (PP)یەکە، دەکات. بڕوانە (٣٣)

٣٣. ژیار بۆ خوێندن لە تۆ بەپەرۆشترە.

لەمجۆرە فرێزەشدا پلە دەتوانێت ببێتە دەرخەری ئاوەڵناویەکە، چونکە ئاوەڵناوەکە پلەیەکی دانەخراوی هەیە. (مەعروف: ٢٠١٠: ٥٩) بڕوانە (٣٤) و هێڵکاری (٢٢)

٣٤_ ا. پیاوێکی زۆر لەباوکم بەرزتر، پیاوێکی زۆر بەرزتر لەباوکم


ب. زۆر لە شڤان زیرەکتر، زۆر زیرەکتر لە شڤان

## ٣.٦.٢ پلەی باڵا

ئاوەڵناو لە پلەی باڵادا، کە بەهۆی مۆرفیمی (ترین)ەوە دەنوێنرێت، پێویستی بە کۆمەڵێک (کەس، شت و ...) هەیە، بۆ ئەوەی بەراوردیان لە نێواندا بکات، ئەو کەسە یان ئەوشتەی، کە ئاوەڵناوەکەی دەدرێتەپاڵ بە بەراورد بە کۆمەڵەکەی پلەیەکی باڵای هەیە. (حمە غەریب: ٢٠١٥: ١٢١) ئاوەڵناو لەم پلەدا وەک فۆرمە فەرهەنگیەکەی (NP)یەک وەک تەواوکەر داوادەکات، بەڵام لە سەرەوریزبوندا پێچەوانەیە و سەرە_سەرەتایە، کە دەکرێت ئەوە ڕابگەیەنین "بەترۆپک (Topic) هێنراوەتە پێشەوە و بەستریس، بەخستنەتەکیەک (Coordinte) حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات و دۆخی دەداتێ. (مەعروف: ٢٠٢٠: ١٣) بڕوانە نمونەی (٣٥) هێڵکاری (٢٣)

٣٥. میهرەبانترین دایک، خۆشترین وەرز

(٢٣)




پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، ئاوەڵناو لە پلەی باڵادا ناتوانرێت، بەهۆی پلەوە دەربخرێت، چونکە (ترین) پلەیەکی بەرزی داخراو و سیمای [+ لوتکە] بە ئاوەڵناوەکە دەدات. (مەعروف: ٢٠١٠: ٥٩) بڕوانە (٣٦)

٣٦) *زۆر میهرەبانترین دایک، کەمێک خۆشترین وەرز



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

## ئەنجام:

١- ئاوەڵناو بەپێی ناواخنی سینتاکسی، کە لە فەرهەنگدا بۆی دیاریکراوە و شکانەوەی لە پلەی بەراورد و باڵادا توانای هەڵاوێرکردنی سینتاکسی هەیە و وەک سەرەیەکی ڕێزمانی هەمو تایبەتمەندییەکانی سەری تێدایە.

٢- دیاریکردنی ئاوەڵناو وەک سەرەیەکی ڕێزمانی پرۆژەسازدەر لە فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویدا، دەبێتە هۆی ئەوەی، پێشێلی بنەمای تیۆری (X-bar) نەکرێت، چونکە بەپێی یەکێک لە بنەماکانی ئەم تیۆرە بەرهەمهێنانی پرۆژەی فریز لە زمانی مرۆڤدا بەهۆی سەرە و تەواوکەرەوەیە، لە هەمان کاتدا پەیکاڵی ڕێسای سەرە_کۆتای کاتیگۆرییەکانی تر و پێدانی دۆخەیشە لە چەپەوە بۆ ڕاست.

٣- ئاوەڵناو لە ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناویدا لەڕوی هەڵاوێرکردن و سەرەوڕیزبونەوە هەڵسوکەوتی جیاوازی نیشاندەدات:

ا_ لەفرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویدا ئەگەر ئاوەڵناوەکە لە پلەی چەسپاودا بێت، (NP)یەک، وەک تەواوکەر دیاریدەکات، بەڵام ئەگەر هەمان ئاوەڵناو لە فرێزی خستنەپاڵیدا لە پلەی بەراوردا بشکێتەوە، جگە لە (NP)یەکە، (PP)یەکیش بۆ بەراوردکردنەکە داوادەکات و لە هەردو بارەکەشدا پەیڕەوی ڕێسای (سەرە_کۆتا) دەکات. بە هەمان ڕۆنان و سەرەوڕیزبونیشەوە دەچنە ڕۆنانی (DP)و (PP)یەوە.

ب_ بەشێکی زۆری ئاوەڵناوەکان بەبێ ئەوەی داوای تەواوکەر بکەن، لەگەڵ کرداری (بون)دا بەشەکرداری ڕستە پێکدەهێنن، بەڵام ئەگەر ئاوەڵناوەکە لە پلە بەراوردا بو، یان گروپی ئاوەڵناوەکانی (بەپەرۆش، زیز، زویر...) بو لە بەشەکرداردا (PP)یەک، داوادەکەن و ڕیزبونەکەش بەپێی ڕێسای سەرە_کۆتایە، هەرچی ئاوەڵناوەکانی وەک (ئاشکرا، دڵنیا، ڕاست، ....) بە پێی ناواخنی سینتاکسیان لە بەشەکرداردا یان لە فرێزی تافدا، لاڕستەیەک وەک تەواوکەر داوادەکەن و دەکەونە پێش لاڕستەکە و پەیڕەوی (سەرە_سەرەتا) دەکەن.

پ_ ئاوەڵناو لە پلەی باڵادا (NP)یەک، وەک تەواوکەر دوادەکات و بەترۆپک (Topic) هێنراوەتە پێشەوە و بەستریس، بەخستنەتەکیەک (Coordinte) حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات و دۆخی دەداتێ بەمەش سەرە و ڕیزبونەکەی دەبێتە (سەرە_سەرتا).

٤- ئاوەڵناو لە بەکارهێنانی ئاوەڵکرداریدا، بەبێ تەواوکەر لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا دەردەکەوێت، چونکە لە سەرەی ڕێزمانی دەکەوێت و زانیارییە سینتاکسییەکانی بۆ زانیاری ئاوەڵکرداری دەگۆڕێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

# Adjective phrases in Kurdish

**Mohammed Hussein Mohammed[1] - Talib Hussein Ali[2]**

[1+2] Kurdish Department, College of Education, University of Salahaddin – Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract:

This research under the title of (Adjective Phrase in Kurdish) An attempt to identify the use of adjective phrases in Kurdish, According to the ( X-Bar) theory and some other branches of theory that are parallel to this theory, According to this branch of theory, syntactic structures are constructed by lexical elements and the information stored in the mental lexicon, Reliance syntactic and semantic knowledge, However, we have relied more on syntactic information for the appreciation and analysis of phrases, We have resorted to semantic information as necessary, We have shown the ability and will of the Adjective as a grammatical head and have explained the order of the heads and complements, In general, attempts have been made to portray the adjective as a projective lexical element in the phraseology of the adjective, not as materials expanding the noun phrase, Because adjective have the ability to Selection syntactically and semantically As a grammatical head, it contains all the characteristics of a head and is generally the last head in the structure of phrases. All these are presented in two chapter in the study in addition to the introduction, conclusions and list of sources.

**Keywords:** X-Bar, Adjective, Adjective Phrases, Adjective Use, Adjective Degrees.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23**

## سەرچاوەکان:


بابان، شێرکۆ (٢٠٠٨) هەندێک لە ئاکارە ڕەنگینەکانی ڕێزمانی کوردی، دهۆک: چاپخانەی خان.

بەرزنجی، فەرەیدون عەبدول و قادر، سەباح ڕەشید (٢٠١٣) بۆچونەکەی گرینبێرگ و هەندێ تێبینی لەسەر ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە: ژمارە: ٢٨.

حسێن، ئازاد ئەحمەد (٢٠١٠) ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، گۆڤاری کوردۆلۆجی: ژمارە: ٣.

حمە غەریب، بەهرە سەلام ( ٢٠١٥) شرۆڤەکردنی مەرجی ڕاستەقینەیی لە واتای زمانیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان: زانکۆی سلێمانی.

رسول، صلاح حويز (٢٠٠٦) ڕستەسازی و واتاسازیی (بون)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە: زانکۆی کۆیە.

سەعید، سازان زاهیر (٢٠١٩) نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتورا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی.

سەعید، یوسف شەریف (٢٠١٣) کاری لێکدراو لە زمانی کوردیدا، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

علی، طالب حسين (١٩٩٨) هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتورا، کۆلێجی ئاداب: زانکۆی سەلاحەدین.

عەول، محەمەد عومەر (٢٠٠٨) کردەی تەواوکردن لە کرمانجی خواروودا، نامەی دکتورا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی.

قادر، تارا موحسین (٢٠٠٤) جێناو: لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا (بەکەرەستەی دیالێکتی خوارو)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی.

قادر، تارا موحسین (٢٠١١) زمانی کوردی و مینیماڵ پرۆگرام، نامەی دکتورا، سکوڵی زمان: زانکۆی سلێمانی.

قادر، سەباح ڕەشید (٢٠٠٩) هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

قادر، ئاوات ساڵح (٢٠١٥) ڕێکەوتنی سینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان: زانکۆی سلێمانی.

فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١٠) لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شێروان حسێن خۆشناو، شێروان میرزا قادر، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

فەتاح، شنە جەبار (٢٠٠٦) ئاوەڵناو وەک کەرەستەی فەرهەنگی و سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی.

محەمەد، حاتەم ولیا (٢٠٠٦) پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، نامەی دکتورا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سەلاحەدین.

مستەفا، چیا عەلی (٢٠٠٨) ڕادە و ئەرکی سینتاکسی سیمانتیکی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان: زانکۆی کۆیە.

موحەمەد، هیدایەت عەبدوڵڵا (٢٠٠٢) ڕێکەوتنی واتایی ناو ئاوەڵناو لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتورا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی.

مەحوی، محەمەد (٢٠٠١) ڕستەسازی کوردی، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی.

مەحوی، محەمەد (٢٠١١) بنەماکانی سینتاکسی کوردی، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی.

مەحوی، محەمەد، کاروان عومەر قادر و شیلان عومەر حسێن ( ٢٠١٠) دروستەی کردار لە زمانی کوردیدا بنەما و دیاردە، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی.

مەجید، ئارام ڕەشید (٢٠١٦) دروستەی کرداری فەرهەنگی لە فرێزی کرداریدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان: زانکۆی سلێمانی.

مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠٠٩) دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتورا، کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی.

مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠١٠) دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، سلێمانی: بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

مەعروف ، عەبدولجەبار مستەفا و قادر، کاروان عومەر (٢٠١١) کاریگەری فەرهەنگ لە بنیاتی دروستە سینتاکسییەکاندا، گۆڤاری الأستاذ: زانکۆی بغداد، العدد: ١٨٦.
مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠١٢) ئاوەڵکردار لەفەرهەنگ و زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە: ژمارە: 24.
مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠١٣) نواندنی زانیارییە زگماکییەکان و دروستەی فۆرمەگۆڕاوەکان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی: ژمارە: ٣٨.
مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠٢٠) لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردی، سلێمانی: چاپخانەی سارا.
عەبدولرەحمان، عومەر ئەحمەد (٢٠٠٩) فرێزی بەند لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان: زانکۆی سەلاحەددین.
Abney, S. p. (1987), The English Noun Phrase In Its Sentential Aspect. Massachusetts: Institute of Technology.
Black, C. A. (1998), A step-by-step introduction to the Government and Binding theory of syntax. Lecture notes on: linguistics.
Chomsky, N. (1988), Lectures on Government and Binding , Fifth edition. U.S.A: Dordrecht- Holland.
Comsky, N. (1993), Lectures Government and Binding the pisa Lectures, 7th ed. Berlin, New York: Mouton, The Hague.
Fattah, M. M. (1997), A generative Grammar of kurdish. Unpublished Doctoral Disseration: Unverstity of Amsterdum.
Finch, G. (2005), Key Concepts In Language And Linguistics, 2 Nd Ed. palgrave: macmillan.
Huddleston , R. & Geoffrey , P. (2005), A Student's Introduction To English Grammar. New York: Cambridge University Press.
Katamba, F.(1993), Morphology. New York: St. Martin's Press.
Radford, A. (2004), Syntax_ A Minimalist Introduction. Cambridge University Press: Cambridge .
Tallerman, M. (2020), Understanding Syntax, Fifth edition. New York: Routledge.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23**

## پەراوێزەكان:

١- دەرکەوتنی دیارخەری (ێک) لەدوای فریزی ئاوەڵناوی واتای نوێ بەدەستەوە دەدات (کوڕی ئازایەک) بە واتای (کوڕی پیاوێکی ئازا) دێت، دیارخەری (ان) یش، لە دوای ناوەکە (کوڕانی ئازا) واتای (کۆی دیارینەکراو) دەدات، لە ڕۆنانی فریزەکەدا پێویستە لە دوای ئاوەڵناوەکە ناوێک زیادبکرێ، ئینجا لە ڕستەدا ڕێگەپێدانی زیاتر دەبێت (کوڕانی ئازای گەڕەکەکەن.) (مەحوی، ٢٠١١: ٨٨-٨٩)

٢- محەمەد مەعروف لە هەمان سەرچاوەدا وشە نیشانەکانی وەک (ئەم، ئەو) بە سپێسیفایەر داناوە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا وەک سەرەیەکی ڕێزمانی فریزی دیارخەری پێکدەهێنن.

٣- (محەمەدی مەحوی (٢٠٠١: ٨٢) (ە)ی بە پێشـناوی داناوە، کە دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەدات بە ئاوەڵناوەکە، بەڵام ئێمە بە مۆرفیمی خستنەپاڵی دادەنێین لەبەرئەوەی (ا) ئاوەڵناو دۆخی ڕێزمانی وەرناگرێ چونکە بەپێی ڕێسای بەرهەڵستی دۆخ هەر کەرەستەیەک دۆخدەربێ دۆخ وەرناگرێ (ب) (ە) لە ڕۆنانی فریزی کرداریدا دۆخ داتیڤ بە تەواوکەرەکەی دەبەخشێت، نەک لە فریزی ئاوەڵناویدا.

٤- ئەوەی تێبینی دەکرێت لە دوای گۆڕینی فۆڕمی مۆرفیمی خستنەپاڵەکە فریزە ئاوەڵناوییەکە بەبێ دیارخەرەکان هەڵسوکەوتی فریز لە جێکەوتەکانی ڕستەدا نیشاننادات، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی بە (دەستەواژیلەی ئاوەڵناوی) (Sub-Phrase) ناودەبرێت. بڕوانە (مەعروف: ٢٠١٠: ٢٦-٢٧)

٥- لە ڕۆنانی ئەم فریزانەدا مۆرفیمی (ە)ی خستنەپاڵی لە (PF)دا دەرنەکەوتوە، بەهۆی کاریگەری دەنگی هاوسێیەوە.

٦- شایانی باسە ئاوەڵناوی (باش) دەچێتە ڕۆنانی بەشەکرداری ئەو ڕستەی، کە بە هۆی ڕستیلەی ئارەزووەوە بەرهەمدێت، ئەو ڕستە بەرهەمهاتوەی، کە ئاوەڵناوەکەی تێدایە، دەبێتە جێکەوتەی وابەستەی ڕستیلەی ئارەزو. وەک (من بڕۆم، pro باشە.) بۆ زانیاری لەم بارەوە بڕوانە: (مەعروف: ٢٠٠٩: ٩٣-٩٥)

٧- زمانی کوردی زیاتر زمانێکی واتاییە، واتە زۆر دیاردەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی لە زمانی کوردیدا هەیە، بەپێی یاسای ڕێزمانی شیناکرێنەو، بۆیە دەبێت پەنا ببرێتە بەر لێکدانەوەی واتایی. (بەرزنجی و قادر: ٢٠١٣: ٥٦)

٨- شـایانی باسە ئاوەڵناو لەگەڵ کرداری (کردن) یشـدا کردارێکی لێکدراو ڕۆدەنێت، لە هەمو بارێکدا کردارەکە تێپەڕە، کە بەرانبەر بەکرداری (بون) دەوەستێت. (سەعید: ٢٠١٣: ١٢٠) وەک (زەردکرد، گەورەکرد، چاککرد...)

٩- ئەمانە بە (ڕستیلە و جێناوە هێز_دەربڕەپۆشاکان) ناودەبرێن. (مەعروف: ٢٠٠٩: ٩٩)

## هێما و کورتکراوەکان

| هێما و کورتکراوەکان | واتاکەی |
|---|---|
| ← | دەبێت بە |
| / | یان |
| * | ناڕێزمانی |
| Ø | مۆرفیمی سفر |
| [ ] | نواندنی ناواخنی فەرهەنگی |
| ( ) | نیشانەی سیمانتیکی |
| Det | Determiner |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23

| | |
|---|---|
| d/det | مۆرفیمی خستنەپاڵ |
| X''/XP | پرۆژەی گەورە/ فرێزی (VP)، (DP)، (AP)، (PP)، (NP)، (TP)، (AGRP) |
| X' | فرێزی هەمەجۆر یان پرۆژەی ناوەندی سینتاکسی(V')، (D')، (A')، (P')، (N')، (T')، (AGR') |
| A° | ئاوەڵناوی |
| AP/A' | فرێزی ئاوەڵناوی |
| N° | ناو |
| NP/N' | فرێزی ناوی |
| D° | دیارخەر |
| DP /D' | فرێزی دیارخەری |
| P° | پێشناو |
| PP/P' | فرێزی پێشناویی |
| V° | کرداری فەرهەنگی |
| VP /V' | فرێزی کرداریی |
| T° | تاف |
| TP /T' | فرێزی تاف |
| Agr° | ڕێککەوتن |
| AGRP/ AGR' | فرێزی ڕێککەوتن |
| Adv' | فرێزی ئاوەڵکرداری |
| CongP/ Cong' | فرێزی تەکخراو |
| DEG | پلە |
| Spec | سپێک |
| j, i | هاونشینە |
| t | شوینپێ |
| Pro | جێناوی بکەری سفر |
| PL | مۆرفیمی کۆ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper23